دەقی وتاری سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستاندا

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان..

هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان..

ئەمڕۆ ٢٠٢٢/٩/١، دەسپێکی وەرزی پایزەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە کاتێکدا ڕادەگەیەنین کە عێراقی فیدڕاڵ بە دۆخێکی سەختدا تێدەپەڕێت و هێشتا لە چاوەڕوانیی ئەگەری نەخوازراو و بەدەر لە حوکمی عەقڵ و لۆژیکدایە و نەگرتنەبەری بژاردەی گفتوگۆ وەك میکانیزمی عەقلانیی گەیشتن بە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی دیالۆگی بنیاتنەرانە، بووەتە هۆکاری لێکترازان و جۆرێك لە ناسەقامگیریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئابووری و ئەمنیی ئەوتۆ کە پێشبینیکردنی ئاکامەکانی هەروا ئاسان نییە و وڵاتەکە بە ئاقاری چارەنووسێکی نادیاردا هەنگاو دەنێت.

لەم نێوەندەدا و لەو ڕوانگەیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لەو دەوڵەتە فیدڕاڵییەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە دۆخی مەترسیدارە و ناکرێت پێمان وابێت پریشکی بەر ئێمەش ناکەوێت، داواکارین لە هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان، بە جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوونی سیاسییانەوە، گوتاریان یەکبخەن و ڕیزەکانیان تۆکمە بکەن، بۆئەوەی بە حیکمەت مامەڵە لەگەڵ دۆخی نوێی عێراق بکەین و هەوڵبدەین ڕۆڵی ئەرێنی لە کوژاندنەوەی ئاگری شەڕی بەرەکان و لایەنە ناکۆکەکاندا بگێڕین و هەرێمەکەشمان لە پریشکی ئەو دۆخە نەخوازراوە بپارێزین، هاوکات پشتیوانیی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم و بە تایبەتی حکومەت بکەین لە بەهێزکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە و تواناکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بۆئەوەی نەهێڵین بۆشایی ئەمنی دروست ببێت، بە تایبەت لە ناوچە سنوورییەکان و هاوسنوورەکان لەگەڵ ناوچە جێناکۆکەکان.

هاوکات لەو ڕوانگەیەی بەهێزی هەرێمەکەمان و پارێزراوی قەوارە سیاسی و دەستوورییەکەی لە ڕەزامەندی و متمانەی هاووڵاتییاندایە بەقەوارەکە و سیستمە سیاسییەکەی ئەرکی ئێمەیە لە پەرلەمان و سەرۆکایەتیی هەرێم و حکومەتیش وەك دامەزراوەی دەستووریی متمانە پێدراو لە پەرلەمان، کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتییانی خۆمان بکەین و پڕۆسەی چاکسازی لە سیستمی سیاسی و ئابووری و کارگێری و داراییدا بکەینە ئامانج و ئەرکی بەردەوامامان و سڵ لە تەگەرە و ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکان نەکەینەوە، وەك چۆن ئەرکی هاووڵاتییانیشە لەپێناو دوورخستنەوە

ی پڕیشکی ناسەقامگیری و پاراستنی قەوارەی دەستووریی هەرێمدا ئەوەی کراوە نادیدەی نەگرن و هاوکات بەردەوامیش بن لە چاودێریکردنی دامەزراوە و دامودەزگاکان و پێشێلکاری و گەندەڵی و بەهەدەردان لە کەس قبوڵ نەکەن و دەستبار و پشتیوانیی دامەزراوە فەرمییەکان بن لە هەموو هەوڵ و دەستپێشخەرییەکدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و پیسخۆری و بەهەدەردانی موڵك و ماڵی گشتی.

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان..

دوای ئەم پێشەکییە بە پێویستی دەزانم سەبارەت بە ئەرك و دەسکەوت و ئاستەنگەکانی بەردەم پەرلەمان، چەند خاڵێك بخەمە ڕوو:

یەکەم/ وەك لای بەڕێزتان ئاشکرایە هەرێمی کوردستان پێویستە خاوەنی دەستوورێکی تایبەت بەخۆی بێت، بەپێی ئەو مافەی لە مادەی (١٢٠) ی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێمان دراوە، بە تایبەت کە بوونی دەستوور دەبێتە قەڵغانێك بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و ڕێکخستنی دەسەڵات و پەیوەندیی نێوان دامەزراوە دەستوورییەکان و چەتر و مەرجەعی ئەو یاسایانەی لە هەرێم دەردەچن.

لەم ڕوانگەیەوە ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوورێك بۆ هەرێم زەرورەتێکی حەتمی بووە و لەئێستاشدا هەمان زەرورەتی هەیە، لە ئەسڵدا دەبوو لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە دەستوورمان هەبوایە، لەئێستاشدا بەتایبەت دوای ئەوەی دامەزراوەکانی هەرێم زیاد لە جارێك داوای یاساییان لەبەردەم دادگای ئیتیحادی لەسەر تۆمار کراوە، بەهۆی نەبوونی دەستوور و بەپاساوی نەبوونی پاڵپشتیی دەستووری بۆ کاری دامەزراوەکان و هەرچەندە ڕاوێژکاران و نوێنەرانی یاسایی پەرلەمان توانیان هەردوو داواکە لە بەرژەوەندیی پەرلەمان ببەنەوە، بەڵام هەر مایەی جۆرێك لە ئیحراجییە کە نەیاری سیاسیی هەرێم لەبەردەم دادگادا نەبوونی دەستوور و کەمتەرخەمیی خۆتت بەرامبەر بە مافێکت بیر بخاتەوە. بێگومان دەشێت ئەو پرسیارە بکرێت، کە ئایا لەئێستادا و لەم قۆناغە هەستیارەدا نووسینەوەی دەستوور گرنگترە یان ئەنجامدانی هەڵبژاردن؟، ئەوە لەوەڵامدا دەڵێین هەردووکیان گرنگیی خۆیان هەیە و ئامانجی لە پێشینەن و هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم ڕێگر نابێت لە تەواوکردنی هەنگاوەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر بەڕاستی ئیرادەیەکی سیاسیی کاریگەر و کارا لە پشت هەردوو پرۆسەکەوە هەبێت.

دووەم/ لە بنەڕەتدا هەڵبژاردن میکانیزمێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی باڵای خزمەتکردنی باشتری خەڵك و گۆڕینی واقیع بەرەو باشتر، بۆیە لەم قۆناغەدا ئەرکی ئێمە و

سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستانە هەوڵی زەمینەسازی و نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکان بدەین، بۆئەوەی لێکتێگەیشتنی هاوبەش بکەنە بنەمای کارکردن لەپێناو ڕێککەوتن لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و کاراکردنەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، بۆئەوەی لە نزیکترین کاتی گونجاودا پرۆسەی هە ڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدرێت.

هەرچەندە بە ڕوونی لە ڕووی ژمارەییەوە دیارە کە لە ١١/٦، کە وادەی تەواوبوونی ماوەی یاسایی خولی پێنجەمە، خولی شەشەم دەستبەکار نابێت و ئەمەش ئاڵەنگارییەکی سیاسی و یاسایی قورس و هەستیارە و دەبێت بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی و دروستنەبوونی بۆشایی یاسایی دامەزراوەکان لە هەرێم بکەین، بۆ ئەو مەبەستەش ئەرکی هاوبەشمان دەکەوێتە ئەستۆ.

سێیەم/ هاوکات لەگەڵ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن، دوو دامەزراوەی گرنگی هەرێمی کوردستان (دەستەی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی) لەئێستادا ماوەی یاسایی خۆیان تەواو کردووە و واپێویست دەکات پاڵپشت بە یاسابەرکارەکان ڕێکارە یاساییەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت، هەرچەندە پێشتر و بۆ ئاسانکردنی کاری لێژنەکانی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەشێوەی کاتی ویلایەتی سەرۆکی دیوانی چاودێریی دارایی لەلایەن پەرلەمانەوە چارەسەر کرا، بەڵام لەئێستادا هەردوو دامەزراوەکە کێشەی یاسایی و کۆتاییهاتنی ماوەی یاساییان هەیە، لەکاتێکدا هەردووکیان دامەزراوەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵین، یەکێکیان دامەزراوەیەکی سەر بە پەرلەمانە و یەکێکیان لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی پەرلەماندایە و بەداخەوە دەڵێم ئێمە لەم ئەرکەدا لە ئاستی خواستدا نەبووین.

چوارەم/ سەبارەت بەو ئەرکانەی کە پەرلەمان تا ئێستا ئەنجامی داون:

١ - کۆی ئەو پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیارانەی تا ئەمڕۆ ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراون (١٣٢) پێشنیاز و پرۆژە بوون، (٤٥)یان یاساکارییان تێدا کراوە و بوون بە یاسا و بڕیارەیاسا، لەوانە (٢٥)یان پێشنیاز بوون و (٢٠)یان پرۆژەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوون، هاوکات (٥٤)یان لەلایەن لێژنەی یاسایی، یان حکوومەت یاخود ئەنجوومەنی دادوەری ڕەتکراونەتەوە، (١٢)یان تائێستا وەڵامیان لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە نەهاتووەتەوە، (٧)یان بەپێی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ ئاراستەی لێژنەی یاسایی کراون بۆ بڕیاردان لەسەریان، (١٤)یان ئێستا لەژێر پرۆسەی یاساکاریدان و ئومێد دەکەین بتوانین زۆرترینیان

پەسەند بکەین و لەئێستادا هیچ پڕۆژە یان پێشنیازەیاسایەك لای دەستەی سەرۆکایەتی نییە و ئێمە لە سەداسەدی ئەرکی خۆمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ جێبەجێ کردووە.

٢ - ئەو بابەتە گشتییانەی کە بۆ مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەت بەپێی مادەی (٦٦)ی پە یڕەو، یان لەلایەن لێژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان، یان لەلایەن خودی حکوومەتەوە بەپێی مادەی (٥٣)ی پەیڕەو، ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کراون، ژمارەیان (٤٥) یاداشتە، (٢٨)یان خراونەتە بەرنامەی کار و دانیشتنیان لەبارەوە کراوە، (١١)یان ئاراستەی لێژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کراون بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی زانیاری و داتاکان، (٤)یان تەنها بە یاسا چارەسەر دەبن و ئەنجامدانی دانیشتن بەپێی مادەی(٦٦) و ڕاسپاردە بەپێی مادەی (٦٧) بابەتەکە چارەسەر ناکات،(٢)یان چارەسەر بووە و پێویستیی بە دانیشتن نییە و لەئێستادا هیچ یاداشتێك لەلای دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان نییە و ئەوەی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێویستی گرتووە سەرۆکایەتی ئەنجامی داوە.

٣ - تا ئەمڕۆ (٤٣١٣) پرسیاری نووسراو و زارەکی بەپێی ماددەی (٥٨)ی پەیڕەو لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستەی حکوومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان کراوە و (٣٨٦٢) پرسیار وەڵام دراوەتەوە و (٤٥١) پرسیار وەڵام نەدراوەتەوە.

پێنجەم/ هاوتەریب لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، لە ساڵی چوارەمدا بە پێویستی دەزانم باس لەو ئەرك و پابەندییانە بکەم کە ئەنجامامان نەداون و ئاستەنگ و هۆکاریشی ڕوون بکەمەوە:

١ - پەسەندنەکردنی یاسای بودجە، کە یەکێکە لە سەرەکیترین ئەرکەکانی پەرلەمان هاوتەریب لەگەڵ ئەرکی یاسادانان و چاودێریکردندا، کە لە بنەڕەتدا ئەرکێکی تەواوکارییە لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چونکە بەپێی یاسای دارایی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، دەبێت پڕۆسەی ئامادەکردنی پڕۆژەکە و ڕاستاندنی لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و دواجار ئەنجوومەنی وەزیران تەواو ببێت، دواتر ئاراستەی پەرلەمان بکرێت وەك پڕۆژە یاسا، بەڵام بەداخەوە ئەوە دووەم کابینەی حکوومەتە بە بیانوو و پاساوی جیاجیا ئەم ئەرکەی خۆی جێبەجێ ناکات و زیاتر لە (٩) نۆ ساڵە کۆکردنەوەی داهات و خەرجی لەم هەرێمەدا بەبێ پشتیوانیی یاسایی بەڕێوە دەچێت.

لەکاتێکدا دەبوو حکوومەت ئەم ئەرکە لەگەڵ پەرلەمان بەش بکات و پێکەوە بەرپرسیارییەتیی شێوازی خەرجی و هاوسەنگیی مافی شار و شارۆچکە و چین و توێژە جیاوازەکان لە ئەستۆ بگرن.

بۆیە ئەگەرچی ئەم بابەتە درەنگ و دووبارەش بێت، دەمانەوێت حکوومەت لەو پابەندییە یاساییە ئاگادار بکەینەوە و ڕایدەگەیەنین کە پێویستە پڕۆژەیاسای بودجە بنێرنە پەرلەمان و چیتر بەردەوامی بەم پێشێلکارییە یاساییە نەدەن، بۆئەوەی ئێمەش بتوانین ئەرکە یاساییە تەواوکارییەکەی خۆمان ئەنجام بدەین.

٢ - سەرەڕای ئەوەی ئەو پێشنیاز و پڕۆژەیاسایانەی کە تائێستا پەسەند کراون، گرنگ و بایەخدارن لەنێو سیستمی قانوونیی هەرێمەکەماندا و توانیومانە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ژینگەی یاسایی گونجاو و لەبار بۆ کەرتە ئابوورییە زیندووەکانی وەك کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، بازرگانی، پیشەسازیش تا ڕادە یەك، بڕەخسێنین و پەرەپێدانی کەرتە ئابوورییە نانەوتییەکان بکەینە ئامانج، کە ئاکامی لە ئایندەی نزیکدا دەردەکەوێت، یاساگەلێکی تر هەن کە ئامانجی پەرلەمان بوو لەم خولە پەسەندیان بکات، بەڵام زەمینەیان بۆ نەڕەخسا و بەهۆی ئەو بارگرانییە داراییەی کە جێبەجێکردنیان دروستی دەکات، لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە ڕەتکرانەوە، لە هەرە گرینگترینیشیان پێشنیازەیاساکانی (بیمەی تەندروستی، بیمەی کشتوکاڵی، چاودێریی کۆمە ڵایەتیی گشتگیر)ن.

شەشەم/ سەبارەت بە ئەولەویەت و کاری لەپێشینەی ئەم وەرزە، بە پێویستی دەزانم بە بە ڕێزتان و ڕای گشتی ڕابگەیەنین کە یاسای پێکهێنانی لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستوور و بابەتی هەڵبژاردن بە یاسا و کۆمیسیۆنەوە، لەپێش هەموو ئەرکەکانن و پێشبینی و چاوەڕوانیمان ئەوەیە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە کۆبوونەوەی لوتکەی هێزە سیاسییەکان لە سەرۆکایەتیی هەرێم، ڕێککەوتن سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن و بابەتەکانی پە یوەست بەم پڕۆسەیە بکرێت، بۆئەوەی ئێمەش لە پەرلەمان ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین، هاوکات داوا لە سەرۆکایەتیی لیژنەی یاسایی دەکەم کە ئەرکی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی تری لیژنەکە و بەشێك لە فراکسیۆنەکان لە ئامادەکردنی پێشنیازەیاسایەك بۆ پێکهێنانەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ ڕاپرسی، جێبەجێ بکەن.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم دوو ئەرکە بنەڕەتییە، پەسەندکردنی پڕۆژەیاساکانی (پەروەردە، کار)و ئەو پێشنیاز و پڕۆژانەی کە ڕاپۆرتیان ئامادە دەبێت، ئەرکی هاوبەشی سەرۆکایەتی و لیژنەکان و کۆی پەرلەمانتاران دەبێت، هاوکات داوا لە ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، کە پەلە بکەن لە ناردنی هەردوو پڕۆژەیاسای خانەنشینیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و وەبەرهێنان، کە تائێستا زیاتر لە جارێك دووپاتیان کردووەتەوە کە هەردوو پڕۆژەکە ئامادەن، هاوکات بە

پێویستی دەزانین وەك تەواوكاری بۆ یاسای كار، پڕۆژەیاسای خانەنشینیی كەرتی تایبەت و دەستەبەری كۆمەڵایەتیش ئاراستە پەرلەمان بكرێت.

لە كۆتاییدا داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم كە لە پرۆسەی بەدواداچوون و چاودێریكردنی دەسەڵاتی جێبەجێكردن بەردەوام بن و بە كۆكردنەوەی داتا و زانیاری و دۆكیۆمێنت، یاداشت و داواكارییەكانیان دەوڵەمەند بكەن، داوا لە لیژنە هەمیشەییەكانیش دەكەم بە زووترین كات ڕاپۆرتی وردی ئەو بابەتە گشتییانە ئامادە بكەن كە پێویستە پەرلەمان گفتوگۆیان لەبارەوە بكات بە ئامادەبوونی لایەنە پەیوەندیدارەكان لە حكوومەتی هەرێمی كوردستان، بۆئەوەی كۆبوونەوەی بەرهەمدار و بە ئاراستەی خزمەتكردنی هاووڵاتییان و جێبەجێكردنی داواكارییەكانیان ئەنجام بدەین.

هەر شاد و سەرفراز بن..